# کێ لە مەلا مستەفای بارزانی دەگاوکێ لێی ناگا ؟

## نەجات حەمید ئەحمەد

لە سایتی دەنگەکان ولە ڕۆژی2006/11/11 کاك نەبەز گۆران نووسینێکی لە سەر کەسایەتی مەلا مستەفای بارزانی بلاّو کردەوە بە ناوو نیشانی ((وەلاّمێك بۆ هەموو ئەو پارتیانەی لە سەر مەلا مستەفا دەنووسن وهەرگیز نایناسن () ئەوەی وای لێم کرد بە دوادا چوونێکی زۆر کورتی بەراووردکاری لەسەر ئەو نووسینە بنووسم لەبەر ئەوە نیە کە ئەو بیروڕایانەی کە لەو نووسینەدا هاتووە هەر هەموویان لە دوو نووسینی منی دزیوەو بە ناوی خۆیەوە بلاّوی کردۆتەوە کە ئەمە یەکم جارو دوا جاریش نابێ نووسینەتیۆریەکانم لەلایەن زۆر کەسەوە دەدزرێ و منیش لەڕاستیاندا بێدەنگ دەبم بەلاّم ئەم جارەیان نەك هەر بیرو بۆچوونەکانم دزراون بەڵکو پیاو خراپیش دەرچووم .

ئەو بیرو ڕایانەم سەبارەت بە مەلامستەفای بارزانیکە ئەو برادەرە هاتوەو زۆر کەم دەسکاریی کردووە وگوایە تەنها ئەوە ئەو شتانەی لە بارزانیدا دۆزیوەتەوە لە سێ نووسینی من وەریانی گرتوەو دایانی ڕشتۆتەوە . یەکێکیان لە ڕۆژنامەی برایەتی بەڕێز ژمارە 3334 ی 2001 بلاّو کراوەتەوە لەژێر ناوونیشانی ((سەرکردە لەسەردەمی گەمارۆ مەزنەکاندا (( ئەوی دیکەشیان لە گولاّنی بەڕێز ژمارە457ی 2003/10/30 لە ژێر ناوونیشانی ((مەلا مستەفای بارزانی و گوتاری سیاسی))کە بە حەوت ئەڵقە بلاّو کرایەوە.بەڵکو هۆیەکەی ئەوەبوو کە نووسەر بە ڕستەی نابەجێو ناشایستە باس لەو کەسانە دەکات کە نووسینیان دەربارەی بارزانی نووسیوە و گوایە ئەوان لەو نەگەیشتوونەو ئەوە تەنها ئەوە کەلە بارزانی گەیشتوە و هڵساوە ئەم بە ناو تێگەیشتنەی کردۆتە جوێن و بەسەر نووسەران و لایەنی دیکەی پەخشاندوە . بە بێئەوەی بەخۆی بزانێکە ئەو ڕاست خۆی لێمان کردۆتە پاڵەوانێك وچەندێك لە نێو هەڵچوونێکدا نقوم بووە کە بە هەڵچوونی جەنگ و مەیدان دەچێ نەك نووسین.

بەڕادەیەك هەمووکەسێك ڕەت دەکاتەوەو تەنها خۆی دەبینێ و بەس.فەرموون خوێەرانی بەڕێز ئێوەو هەندێك لەو ڕستە پالەّوانێتیانەو بە دواداچوونیئەوەی کە چۆن هیچ یەکێك لەو شتانەی نووسیویەتی هی خۆی نین .((زۆر جار فرێدانی پیاوە گێلەکان زۆر پێویست ترە لە فرێدانی زبڵ ...وەرن با مەلا مستەفا بخەینەوە شوێنە ئەسڵیەکەی خۆی کە کورد بوونە تا عەیب و عارەکانی پارتی بە تەواوەتی دەلرکەونە دەرەوە ....دڵنیام تاکو ئێستا کەسیان پەی بە خوێندنەوەی ئەو کەسایەتیە نەبردوە مەلا مستەفا بۆتە گردێك و هەموو کەسێکیش دەیەوێ بچێتە سەر ئەو گردە بۆ ئەوەی دەرکەوێت تەنانەت نووسەرو کادرە گێلەکانی حزبیش ....هتد( ئەمانەو چەندین ڕستەی لەم بابەتە . لەم نووسینە بەرامبەر بەوەرگرتن یا دزینی یاگواستنەوەی بیرو ڕاکانم یا هەر ناوێکی لێدەنێی من هیچ سەبارەت بەم ڕایانەناڵێم کە بێگومان تەنها ئەمانە هی خۆین و دەری دەخات کە ئەو هێشتا لە سەرەتای ناسینی بابەتێکە کە بێگومان بابەتی خۆی نیە . سەرەتا سەرنجەکەم بەوە دەست پێدەکەم کولتووری بارزانیی نەمر دژی بیری خۆ بە پاڵەوان کردن و خۆ جیا کردنەوەیە لە کەسانی دیکەو دژی سووکایەتی پێکردن و جوێن دانە . ڕەوشت و ئاکاری ئەو خۆشەویستی و ڕێزگرتنە لە هەموو مرۆڤەکان .تەنها لێبوردەیی و بەخشندەیی ئەو بەرامبەر نەیارو دیل و کەسە زۆر سادەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردو دەری دەخات کە ئەو قەتاو قەت کەسی ڕەت نەکردۆتەوە کەسی بریندار نەکردوەو بە توانج و گاڵتە پێکردنەوە لە گەڵ کەسدا ڕەفتاری نەکردوە چونکە ڕەوشتی ئەو ڕێزگرتن بووە لە مرۆڤی ئاسایی و چاکترین دەربڕین کردن لەم ڕەوشتانەی بارزانی ئەو نامەیەیە کە بۆ چاپچیەکەی نووسیوەو تیایدا ئیمزا لەسەر ((خزمەت کارت) دەکات. ئەم ڕستانەی ئەویش سەبارەت بە نووسەران و حزب وکەسانی دی نووسیوە ڕێك پێچەوانەی بیرکردنەوەوڕەوشت و ئاکاری بارزانیە لە ڕۆشنبیریی هەموو دنیاش بیری من هەموو شتێك دەزانم و ئێوەش هیچ نازانن زۆر لەکۆنەوە بە سەرچووە .بیری کە من قسەم کردوو ئێوە بێدەنگ بن باوی نەماوەو

بارزانی لەدوا سالەکانی ژیانیدا گوتوویەتی ( زۆر کەمی بۆ میللەتەکەی کردوە ئەمەیە ڕوشت و دنیا بینی بارزانی و ئەمەشە بیرکردنەوەی ئێوە .ئاخر بیرکردنەوەی لەم بابەتە چەندێك لە بیرکردنەوەی ئێوەوە دوورە پاشان یەکێك بەم جۆرە بیر بکاتەوە چۆن ئەو مافە بەخۆی دەدات سیفەتێك کە لەودا نیە بیّ و بەو لە خۆ بایی بوونەوە قسەی لەسەر بکات کە لە بناغەوە لە ماندوو بوون و شەنخوونی خەڵکی دیکەوەی وەرگرتبێت .؟فەرموون بیرو ڕاکانی من و بیرو ڕای ناو نووسینەکانی ئەو بەراوورد بکەن:

نووسەر دەڵیّ(( مەلا مستەفا بوبووە هەیبەتێك بۆ پارتی نەك پارتی هەیبەتێك بێت بۆ مەلا مستەفا .....هەروەها.((پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین چیتر مەلا مستەفا نەبەستڕێتەوە بە حزبێکەوە ...لەکاتی بوونی خۆیدا پارتی ئەم کارەی پیّ نەدەکرا تەنها لەبەر ئەوەی نەیتوانی لە کاتی بوونیدا بیخزێنێتە نێو پارتیەوە ...هتد.

لە برایەتی نووسیومانە((سەر هەڵدانی سەرکردەی شمووڵی $1$ بیّ شك لە کولتوورێکی ڕێکخراوەیی سیاسیەوە نەبووە ....هەروەها ...((لەوکاتەی دەبینین لەسەرەتای سەدەی ڕابوردوودا کاری ڕێکخراوەیی لە گەڵ نەمانی کەسایتیە سەرکردەییەکاندا کۆتایی پیّ هاتووە ...).....هەروەها لە برایەتی نووسیومانە (( ..دەوری کەسایەتی سەرکردەیی کورد لەوسەرەتایەوە دەستی پێکرد کە بەشێك لە دەورەکانی خۆی بە کەسایەتی ڕێکخراوەیی سیاسی ببەخشێت ...

بیری دزراو لێرەدا ئەوەیەکە ڕێکخراوی سیاسی هەیبەت و کەسایەتی خۆی لە سەرکردەوە وەردەگریّ..کەبە لای منەوە لە هەموو دنیا هەر وابووە ...جگە لەمەش لە گولاّن گوتوومانە ...شۆڕش و حزب بە تەواوەتی لەژێر ئیلهامی خۆ نەفی کردن و خۆ ڕەت کردنەوەی ئەودا هێزو ئیرادەی خۆیان دەچەسپێنن.

ئەو دەنووسیّ..(( خەونەکانی مەلا مستەفا زۆر مەزنترو گەورەتربوون لە خەونەکانی پارتی .../

لە خەبات نووسیومانە...((پرۆچەی سیاسیی کورد بۆچی پرۆژەیەکی ڕێکخرلوەیی نەبووە وەکو ئایدیال و داب و دەستوورێکی سیاسی بەقەد ئەوەی پرۆژەیەك بووە زیاتر سەرکردایەتی بووە....هتد

بیری وەرگیراو لێرەدا ..سەرکردە خەون و پرۆژەی گەورەتری لە ڕێکخراو پیّ بووە ...

نووسەر دەڵیّ...((ئەوەی مەلا مستەفا هەنگاوی بۆ دەنابە پارتی کردنی کۆمەڵگەی کورد نەبووبە زیندوو کردنەوەی منی کورد بوو لە ناو جەستە لاوازەکانی کوردا...))

لە گولاّن نووسیومانە ..(( هەموو هەوڵەکانی ئەو بۆ ئەم داهێنانە لە بیرە سیاسیەکاندا گەڕانی ئەوە بەدوای خودێتیی کەسایەتیی کورد ....هەروەها نووسیومانە ...(( کارکردنی ئەو بۆدۆزینەوەی هێزو تواناکانیکەسایەتیی کورد......هەروەها نووسیومانە ....گوتار بێژ دەیەویّ لە دوو شوێنی جیاوازا

بەدوای کەسایەتیی پەراوێزکراوی کورددا بگەڕیّ کە جیاوازیەکانی نێوان تاکێکی کوردو کۆیەکی کورد بسڕێتەوەو یەك پێناسیان بەسەردا بچەسپێنیّ....هتد...هەروەها نووسیومانە ...((گوتار بێژ هەمووکاتێك جەخت لە سەر خودێتیەکانی خۆی هەر لەو بە کۆبوونەدا دەبینێتەوە . هەمووکاتێك هەوڵدەدات خۆی لەژێر سێبەری کۆدا بەرجەستە بکات ...شوێنی خۆی وەك سەرکردەیەك لە تاکێکی بە کۆکراودا دەدۆزێتەوە .....هتد....بیری وەرگیراو بارزانی دەیەویّکەسایەتیی سەرکردەیی خۆی بە سەر هەموو کەسەکاندا وەکو کەسایەتیەکی خۆ نەفی کار بلاّوکاتەوە

.

نووسەر دەنووسیّ....((شتێك زۆر ناچاری کردم چەند قسەیەك لەسەر ئەو پیاوە مەزنەی کورد مەلا مستەفا بکەم لێشاوی ئەو نووسینە لاوازانەیە لە ناو ڕۆژنامە حزبیەکانی پارتیەوە لە سەر کەسایتیی

ئەو پیاوە بلاّو دەکرێتەوە . دلنیام تاکو ئێستا کەسیان پەی بە خوێندنەوەی ئەو کەسایەتیە نەبردوە..

لە برایەتی پێش چوار ساڵ نووسیومانە...((بارزانی کەسایەتیەکی هەرە دیارە لە زۆربەی نووسینەکاندا کە نەتوانراوە دەوری ئەو لە مێژووی کاری سیاسی و شۆڕشگێڕی دەربخریّ .هەروەها دەوری ئەو لە ڕابوونی شارستانێتیانەی کوردا...

بیری وەرگیراو ...((کەم و مورتیی ئەو نووسینانەی لە سەر بارزانین و نەیان توانیوە لەو بگەن.

ئەو دەنووسیّ...((مەلا مستەفا بخەینەوە شوێنە ئەسڵیەکەی خۆی کە کورد بوونە..هتد

لە گولآن نووسیومانە..(( حزب بە لایەنی مەلا مستەفاوە ئەو چالاکیە سیاسیەیەکە دەبیّ هەلگری باوەڕکانی بەکوردبوون بیّ....هەروەها ..((ئەو دەیەویّ جیاوازیەکانی نیّوان تاکیّکی کوردو کۆیەکی کورد بسڕیّتەوەو یەك پیّناسیان بە سەردا بچەسپیّنیّ لە چوار چیّوەی ماناو دەلالەتەکانی بەکوردبووندا.... بیری وەرگیراو کارکردنی بارزانی لە چەمکی کوردبوون.

نووسەردەنووسیّ..(( پارتی بەردەوام دەگەڕیّتەوە بۆ سیّبەری ناوەکەی مەلا مستەفا تا جاریّکی تر بە کەسیەتی کورد بلّیّت من لە سەر ئەم پایە بەهیّزەوە هاتووم ...هتد

لە برایەتی نووسیومانە ...((...بەوئاستەی بە بیّ بەرجەستە کردن و نویّنەرایەتی کردنی شۆڕش لەلایەن سەرکردەی شۆڕشگیّڕیەوە کەسیەتی ڕیّکخراوەیی زۆر لە دەورەکانی خۆی لە دەست دەدات ...هتد

هەروەها نووسیومانە ((...زۆر جار پیّگیریی کەسایەتیی کورد بۆ کەسایەتیی ڕیّکخراوەیی لەسەر بناغەی پیّگیریی ئەو بووە بەو سەرکردە میّژوویەی کە ڕیّکخراویّك پیّگیریەتی و دەچیّتەوە سەر کولتووری ئەو ....

بابەتی وەرگیراو ((پیّویست بوونیحزب بە سەرکردەو گەڕانەوەی بەردەوام بۆ کەسایەتی و ئیرادەی ئەو کە ئەمە گوناحیّك نیە .

نووسەر دەنووسیّ...((ئەوەی شویّنی مەترسیە بۆ بیّگانەکان ئەو منە کوردیەیە کەخۆی لە پەنای جەستەی کوردی یان خودی کوردی پەنهان داوە .....

لە برایەتی نووسیومانە ...((لەو زەمەنەی سیسەت و عەسکەرتاریەت .بە هەموو قورساییەکانی خۆیانەوە ئەو چارەنووسەیان بۆ کورد دیاری کردوە کە تەنها کەسایەتیەکی یاخی و یاسا شکیّن و تیّکدەر بیّت ...بیری وەرگیراو..ترسی دوژمن لە کەسایتی ڕاستەقینەی کورد کە بە دوورو دریّژی باسمان لیّوەکردوە .نووسەردەنووسیّ((چوونی مەلا مستەفا بۆ لای قازی هاودەردی ئارگیومیّنتیّکەبە بەردەوامی دانی ئەو منە کوردیەو بەخشینەوەی بەسەلر ئەوانی تردا....

لە گولآن نووسیومانە لەو پڕۆژە شۆڕشگیّریەی کاری بۆ دەکات ...مەلا مستەفا لە هەولّی ئەوەدایە چەمکی سەرکردەی شۆڕشگیّری بۆ زۆرترین کەس لە کۆمەلّگەکەی بگوازیّتەوە ....هەلروەها نووسیومانە گوتار بیّژکار بۆ تیّکدانی هەموو جۆرە داسەپاندنیّکی زۆرە ملیّیانەی دەسەلآتی سەرکردە دەکات و هەر لەویّوە کەسایەتی سەرکردە دەدۆزیّتەوەو بەرجەستەی دەکات کە چەندیّك توانای ئەوەی هەیە بەرەو ئەوانی دی بکشیّ و تیّکەلّیەکی دادپەروەریان بیّنیّتە کایەوە ...هتد

بیری وەرگیراو((گواستنەوەی تواناو ئیرادەی سەرکردە بۆ زۆرترین مرۆڤیکورد

نووسەر دەنووسیّ...((دوای بەرهەم هیّنانی حزب چۆن لەسەر دوو تەوەر کار دەکات تەوەلری بەکوردبوون وتەوەری بەجیهانی بوونی کورد لە ڕیّگەی حزبەوە ...

لە گولآن نووسیومانە ..((حزب بە لایەنی گوتار بیّژەوە ئەو چلاکیە سیاسیەیە کە دەبیّ هەلگری باوەڕەکانی بەکوردبوون بیّ هەلگری باوەڕەکانی مرۆڤایەتی بیّت لە ئاستە فیکریەکەیدا...

بیری وەلرگیراو (( بیری بەکوردبوونی حزب و بەجیهانی بوونی

نووسەر دەنووسیّ((حزب کۆمەلّیّ پیاو لەدەوری مەکتەبی سیاسی خۆی کۆ دەکاتەوە کە خەونی گەورەی ئەم پیاوانە گرتنە دەستی دەسەلآتە بەلآم خەونی مەلا مستەفا خۆ دەربازکردنە لە گرتنە دەستی دەسەلآت

هەرروەها دەنووسیّ...ئەم تەحەمولەی مەلا مستەفا زۆر لەوە گەورەترە پیاوانی حزب بتوانن قورساییەکەی هەلگرن بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو جۆرە بەرپرسیاریّتیەش کەوتبویە سەر شانیان ناکۆکی دروست دەکەن ...

لە گولآن نووسیومانە (( لەو کاتەی کاری ڕیّکخراوەیی هەموو کاتیّك سیفەتی دابەش بوون و پیلان گیّڕان و هەلّگەڕانەوەو کودەتای سیاسی و چەندین دووبە رەکی دیّنیّتە نیّو باوەڕی شۆڕشگیّڕیەوە ..

هەروەها گوتوومانە ...((لەو کاتەی شۆڕش و حزب بە تەواوەتی لەژێر ئیلهامی خۆ نەفی کردن و خۆ ڕەت کردنـەوەی ئەودا هێزو ئیرادەی خۆیان دەچەسپێنن بە بێ ئـەوەی ئـەو ئیرادەیـە سیفەتێکی تـاك لایـەنی و ناوەنـدێتی بنوێنێ لـە دەرەوەی ئەو بە کۆبوونەی کە سەرکردە باوەڕی تەواوو ڕەهای پێیەتی ...هتد

هـەروەها لـە گـولاّن نووسـیومانە (( ..گوتـار بێـژوەك سـەرکردەو شۆڕشـگێڕ هەمیـشە میللـەت واتـە نەتـەوە دەکاتـە سەرچاوەی هەموو هێزو دەسەلاّتەکان وهەمووودەسەلاّت و سەرکردایەتی دەخاتە بەر خزمەتی ئەوەوە....هتد

نووسەر دەنووسێ (( مەلا مستەفا تـەنها یـەك شـتی پـێ بـووە ئـەویش ئیرادەیـە . ئیرادەیـەك کـە توانـای گواسـتنەوەی هەبووە لە مەلا مستەفاوە بۆ پێشمەرگەیەکی شەڕکەرو هەم ئەم گواستنەوەی ئیرادەیە

......لـە گـولاّن نووسـیومانە ((..هـەولّی هەمیـشەیی ئـەو لـەو گوتـارەدا بەرجەسـتە کردنـی کەسـایەتیی کـوردە وەك کەسایەتیەکی بە کۆ کراو کە خۆشی بە تاکێك لەو کۆیە دەزانێ و لەوێوە مسۆگەری ئەوە بکـات حـزب و سـەرکردایتی و لەشـکر ملکەچـی ئـیرادەی کەسـایەتیی ئـەو کۆیـە ن و لـەپێناوی ئـەودا دروسـت بوونـە ئـەویا دەیـەوێ بلّـێ حـزب و سەرکردایتی و لەشکر بوونیان هەیە و مافی مانەوەیان هەیە.

خوێنـەری بـەڕێز هـەروەك دەبیـنن کـە سـەراوژێری نووسـینەکانی منـی دەربـارەی مـەلا مـستەفا بـە دەسکاریەکی کەمەوە وەرگرتوەو کردوویەتیە هی خۆی و لە سەر ئەمەشەوە سووکایەتی بە نووسـەران دەکات کە ئەگەر لـە مـەلا مـستەفای بـارزان بگەیـشتایە ئـەم جـۆرە رەفتـارو قـسانەی نـەدەکرد مـن هیـچی دیکـە نـالّێم تـەنها دەپرسـم ئـەرێ تێگەیشتن لە بارزانی وای ئەگەر وابێ زۆر زۆر ئاسانە؟؟؟